**مەهاباد قەرەداغی**

# مەرگی عەشق و پرسەی خۆشەویستی

## "دەرهاویشتەکانی تیرۆر و گەندەڵی و شتی تر.."

(بەشی دووەم)

(لە گوێڕایەڵیدا مرۆڤ خۆی لە چوارچێوەکاندا
دەهێڵێتەوە، بەڵام لە ئازادیدا مرۆڤ
چوارچێوەی نوێ دەخولقێنێ.)

مارتین لۆتەر

### تیرۆر و عەشق و ئایین:

بەسەرنجدان لە دیاردەی تۆڕی تیرۆریستی شێخ زانا و، وردبوونەوە لە ئاکارەکانیان، یەکەمین پرسیار کە ڕامان بورووژێنێ ئەوەیە، لەو سییانە "**تیرۆر و عەشق و ئایین**" کامیان لە پێناوی کامیاندا بەکار هێنراون و، کامیان ئامراز و کامیان ئامانج بوون؟ ئایا ئەو ژنانەی تێکەڵ بەم تۆڕە بوون گیرۆدەکراون یان ئارەزوومەند؟ چ وای لەو کچ و ژنانە کردووە بە پێی خۆیان بچنەماڵی تیرۆریستان؟ ئایا کام جۆری خۆشەویستی لەپشتی ئەم جووتانەوەیە؟

سوێرن شێرکیگارد، فەیلەسوفی ناسراوی دانیمارکی سەبارەت بە پەیوەندی ئایین و مرۆڤ و ئەرکی ئایین لە ئاراستەکردنی مرۆڤدا ڕایەکی کۆنکرێت دەردەبڕێت و دەڵێ:" مەسیحییەت بۆ ئەوە نەهات کە کەسانی پاڵەوان بخولقێنێ، بەڵکە بۆ ئەوە بوو ڕیشەی خۆپەرستی هەڵکێشێ و خۆشەویستی ڕاست بکاتەوە."[3]

ئەم بۆچوونە دەکرێ سەبارەت بە هەموو ئایینەکانی تریش تەواو بێت. دروستبوونی ئایین لە سەرەتادا بۆ پڕکردنەوەی پێویستییە ڕۆحییەکانی مرۆڤ بووە، هەروەها بۆ وەڵامدانەوەی سەرسامییەکانی بەرامبەر بەو دیاردانەی کە بەهۆی سنووردارbوونی هۆشیاری مرۆڤی سەردەمی سەرهەڵدانی ئایینەکانەوە بووە. کەواتە ئایین دەبێت ئامرازێک بووبێت بۆ گەیشتنی مرۆڤ بە ئاسوودەیی، لە ئەنجامی دۆزینەوەی هێزێکی فریاگوزار بۆ پشتیوانیکردنی و لە ئاکامدا زاڵبوونی بەسەر مەترسییەکانی ناوەوەی خۆی بەرامبەر بە دیاردە نائاساییەکانی ژینگە و دەوروبەری. بەڵام هەر لەگەڵ دۆزینەوەی کەموکوڕییەکانی ناخی مرۆڤ و، دۆزینەوەی کاریگەری ئایین لەسەر دۆخی دەروونی مرۆڤەکان و ئەو پێویستییانەی کە تەنها هێزێکی غەیبی دەتوانێ پڕی بکاتەوە، ئەم ئامرازەی کە لە پێناوی مرۆڤدا دروست بوو، کرا بە ئامانج و خودی مرۆڤەکان کران بە ئامراز. بەڵام ئەوانەی ئایین دەکەن بە ئامانج و مرۆڤ بە ئامراز، خۆشیان مرۆڤ بوون، بەڵام مرۆڤی نائاسایی.

له سەدەکانی ناوەڕاستدا ئایینی مەسیحی کرابوو بە ئامانج و مەسیحییەت کرابوو بە ڕێبازێک بۆ چەوساندنەوەی مرۆڤ بە گشتی و، ژنانیش بە تایبەتی لەم بەئامرازبوونەدا زیانی دەروونی و جەستەیی و ڕۆحی گەورەیان بەرکەوت.
چونکە ئایین پێکهێنەری بەشی سەرەکی کلتوورە، دەبینین تا ئەو دەمەی لە خۆرئاوادا مرۆڤ ئامراز و ئایین ئامانج بوو، کلتووری خۆرئاوا لە نێودواکەوتندا نوقم بوو بوو، پڕ بوو لە توندوتیژی، چەوساندنەوە، شەڕی نێوخۆیی و پەلامار.
شۆڕشی عەقڵ و فراوانبوونەوەی سنووری هۆشیاری و، دۆزینەوەی ڕێگای دەربازبوون لە مەترسییە ڕۆحییەکان و دۆزینەوەی زیاتر لە وەڵامێک بۆ پرسیارە سەرسامکەرەکانی مرۆڤ لە لایەن ڕۆشنگەرانی خۆرئاواوە، دووبارە جێگەی ئایینی لە ناوەندەوە گواستەوە بۆ پەراوێز و، لە ئامانجەوە کردیەوە بە ئامراز. ئایین لە کاروباری بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و قەشەکان لە فەرمانڕەوایەتی دوورخرانەوە و، هێدی هێدیش کرانەوە بە تایبەتی و تەنها لە نێوان مرۆڤەکان و باوەڕی تاکەکەسی خۆیاندا هێڵدرایەوە.

ئەی لە خۆرهەڵاتدا ئایین ئەوسا و ئێستا چ ڕۆڵێکی دراوەتێ؟ ئایا ئێستای خۆرهەڵات چەند لە سەدەکانی ناوەڕاستی خۆرئاوا تاریکترە لە ڕووی کلتوورییەوە؟

ئەوەی گومانهەڵنەگرە لەم پرسەدا و کارەساتخوڵقێنە، ئەوەیە کە ئایین و ئایتراکان کراون بە ئامانج و بەکارهێنانی هەموو شتێکی دیکە  بە مرۆڤەکانیشەوە"کە بەشت کراون" لە خزمەتی ئەو ئامانجەدا بەڕەوا زانراوە. کاتێ مرۆڤ دەکرێت بە وەسیلە و ئامراز، ئەو دەم سیفەتە مرۆییەکەی خۆی لەدەست دەدات، نرخی ڕۆحی و هەست و نەستەکانی هەڵدەوەرن و وەک ماددە ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرێت.

ئێستا با بنۆڕین ئەو گروپانەی کە ئیسلام وەک ئیدۆلۆژیا بەکاردەبەن و دەیکەن بە پێڕەوێکی سیاسی و ئاراستەی حیزبی جۆراوجۆر، چلۆنیان مامەڵە لەگەڵ مرۆڤدا کردووە؟ میتودی کارکردنی ئەو گروپانە داماڵینی مرۆڤ بووە لە بەهای مرۆڤانەی خۆی و، سڕکردنی هۆش و ئاوەزی و، بەشتکردنی جەستەی. ئەو کەسانەی کە جەستەی خۆیان بەشت دەکرێ و وەک ئامراز دەکرێت، ئیدی جەستەی هەموو مرۆڤێکی تریش بە شت دەزانن و دەبێت بە ئامانجی پەلامارەکانیان. کەسێ کە خۆی دەتەقێنێتەوە، جەستەی بووە بە شتێک و ئیدی وەک ئۆرگانێکی زیندوو مامەڵەی لەگەڵ ناکات، بۆیە دەیکات بە وەسیلەیەک"چەکێکی کۆکوژ" لە کاتی خۆتەقاندنەوەدا.

نموونەی گرووپەکەی شێخ زانا مەبەستی سەرەکی ئەم باسەیە، بەڵام دابڕاو نییە لە کۆی ئەو بزوتنەوەیەی کە مرۆڤ دەکەن بە ئامانجی ئایین و هەموو بەهاکانی مرۆڤ پامال دەکەن لە پێناویدا. تیرۆرکردن لەم پەیوەندییەدا بەو مانایە دێت، کە تیرۆریست دەیەوێت ئامرازەکان بەکاربهێنێت و ئەو بەربەستانەی پێ هەڵگرێت کە ڕێگەی

گەیشتنەئامانجی لێ دەگرن. مرۆڤەکان دەچنە نێو دوو خانەوە، بەشێکیان بەربەستن (قوربانی) و بەشێکی تریان لابەری بەربەستەکانن (خۆتەقێنەرەوەکان)، لە هەردوو دۆخیشدا ئامانج تەنها ئایدۆلۆژیاکەیە، واتە ئیسلامی سیاسی.

کاتێ شێخ منداڵێکی هەژاری گوڵەبەفرۆش دەخاتە بەردەستی شاگردەکانی بۆ لەتوپەتکردن و ئەو باوەڕەیان لا دەچەسپێنێت کە ئەمە لە ڕێگەی خودایە و هەموو شتێکیش لە ڕێگەی خودا ڕەوایە، بە یەک کردەوە دوو ئامانج دەپێکێت:

1. پێیان دەڵێت ئەوەی کە ئێوە لەت و پەتی دەکەن "شتێکە" خوا خۆی دروستی کردووە و خۆی دەیباتە و لە چارەی نووسیوە بەو دەردە بڕوا.
2. پێیان دەڵێت ئێوەش ئامرازێکن وەک ئەو ئامرازە و، دەبێت لە کاتی پێویستدا بۆ هەمان مەبەست و لە ڕێگەی دیندا بەکاربهێنرێن و خۆتان بەکاربهێنن.

شێخی تیرۆریست، دوای ئەوەی جەستەی هەموویان دەکات بە شت و هەموویان قەرزارباری ئاسمان دەکات و تێیان دەگەیەنێت ئەو ڕۆحەی بەوان بەخشراوە هی خۆیان نییە و لە پێناوی خودادا پێویستە بەختی بکەن، دێت و یاری بە غەریزەکانیان دەکات و، بە پرۆسەیەکی دوورودرێژ کە ساڵان دەخایەنێت غەریزەکانیان تێکەڵ بە یەکتری دەکات. ئەوەی کە زۆر ڕوون لە دیاردەی باندی تیرۆریستی شێخ زانادا دەخوێندرێتەوە، تێکەڵکردنی غەریزەی مردن و غەریزەی ژیان و غەریزەی سێکسە لای تیرۆریستەکان.

شێخ زانا دوو جۆری چێژ "متعە" لای شاگردەکانی دروست دەکات کە پەیوەندییان بەو سێ غەریزەیەوە هەیە، چێژی کپکردنەوەی غەریزەی ژیان لە ڕێگەی دڵنیاکردنەوەی ئەوان کە لە پێناوی خوادا دەژین، چێژی کپکردنەوەی غەریزەی مردن لە ڕێگەی کوشتن و لەتوپەتکردنی مرۆڤ و، چێژی کپکردنەوەی غەریزەی سێکس لە ڕێگەی دابینکردنی هەموو جۆرێکی سێکسبازی بە ڕێگەپێدراو و ڕێگەپێنەدراوەیەوە، تا ڕادەی تێکەڵکردنی هەموو ئەو هەست و غەریزانە بە یەکتر و گەیاندنی خاوەنەکانیان بۆ دۆخی ئاژەڵی دڕندە.

ئەو کچانەی کەوتوونەتە داوی ئەم تۆڕەوە و بە پیاسەیەکی ڕۆمانسیانەوە بەرەو ماڵی تیرۆر براون و، لەوێدا کراون بە ئامراز، بە پێی ئەو دیکۆمێنتانەی کە پیشان بە خەڵک دران، بڕێکیان بە زەبری لێدان و بێهۆشکردن کردەی سێکسییان لەگەڵدا ئەنجام دراوە لە لایەن شێخەوە، بڕێکی دیکەشیان بە بەڵێنی ڕۆمانسییانە و بە کەڵکئاوەژوو وەرگرتن لە عەشق و فریوودانی هەست و نەستی مرۆڤانەیان، سێکسیان لەگەڵ کراوە. بە هۆی کامیرای شاراوەوە وێنەگیراون و، دواجار ئەو وێنەیە وەک چەکێک بەکاربراوە بۆ خۆبەدەستەوەدانی هەمیشەیی ئیرادەی تیرۆریستان.

لێرەدا دەبینین داب و نەریتی دواکەوتووی کۆمەڵگەی باوکسالاری و تێڕوانینی پاشکەوتووی کۆمەڵگە بۆ سێکس، چلۆن خزمەتی ئامانجی تیرۆریستانی کردووە. تامەزرۆیی هەمیشەیی کوڕان و کچان بۆ یەکتری و، هەبوونی دیوارەبەربەستەکانی دابونەریت لە نێوانیاندا و، نەبوونی هۆشیاری سێکسی وای کردووە کە بۆ دامرکاندنەوەی ئارەزوویەکی وا و پێکەوەبوونێکی ڕۆمانسی، کچانی ناهۆشیار لە بچووکترین فرسەتدا هەست و نەستیان بخەنە بەردەستی کوڕێکەوە کە هیچ زانیارییەکی ئەوتۆیان لەسەر جۆری ژیانی و جۆری ڕەفتار و کارەکانی نەبێت. ئەو خۆشەویستییەی کە لە نێوان ئەمان و ئەوان دروست بووە، تەنها غەریزەی برسی کچەکان پاڵنەر بووە بۆ دروستبوونیان و، تەنها دەکرێ ناوی وازی سێکس یان سێکسبازی لێ بنرێت نەک خۆشەویستی یان عەشق. کچانی بەکارهاتوو لەم پرۆسەیەدا قوربانی دەستی تیرۆریستان نین بە تەنها، بەڵکە داب و نەریت، پەروەردەی خێزان و سیستەمی پەروەردەش بەشدارە لە بەشتکردنی جەستەی ئەوان و کردنیان بە ئامرازێکی سانادەستکەوتوو بۆ تیرۆریستان.

تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ ئەخلاق "مورِاڵ" و گرێدانی ئەخلاق بە سێکس و جۆرەکانی کردەی سێکس، ئەندامانی کۆمەڵگەی بە گشتی گیرۆدەی ترس و تۆقاندن کردووە. شێخ زانا ئەم تێڕوانینەی لە بە ئامرازکردنی کوڕان و کچانی شاگردی بەکارهێناوە و، بە کامێرایەکی شارەوە و وێنەگرتنیان لە کاتی کردەی سێکسدا و، هەڕەشەلێکردنیان بەو گرتانە، هەر هەموویانی کردووە بە کۆیلەی خۆی و جڵەوی هەموویانی گرتووە.

لە کلتوورێکدا کە سێکس و ئەخلاق وەک هاوواتای یەکتری دەبینرێن و ، عەشق و ئەخلاق دژواتای یەکن و، جەستەی مرۆڤ و بە تایبەتی هی ئافرەت تاقە جێگەی پاراستنی ئەو ئەخلاقە بێت و بۆ ئەو مەبەستەش جەستە هەمیشە کلۆمدراو بێت، ئیدی  پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان و پێکەوەگرێدانی "سێکس و عەشق" و هەڕەشەکردن لە ئاشکراکردنی پەیوەندییەک کە لەو کلتوورەدا تاوازی مەزنە ، تا ڕادەی تۆقین، دەروونی مرۆڤ دەشێوێنێت و دەیکات بە کۆیلەی هێزی هەڕەشەکار.

شێخ زانای تیرۆریست، کەڵکی ئاوەژوو لە تەواوی داب و نەریت و کلتووری ڕۆژهەڵاتی و ئیسلامی وەردەگرێت و بە هۆیانەوە کچ و کوڕی کورد دەکاتە کایەی خۆی و کۆیلەی خۆی.

چونکە شێخ زانا لە ڕێگەی کامێرای شاراوەوە کردەیەکی سێکس لەگەڵ کوڕەکان دەکات و بە هەڕەشەی ئاشکراکردنیان دەیانکاتە کۆیلە و ئەوانیش بە هەمان ئامراز کچ و کوڕی تر دەخەنە داوەوە، بۆیە دەشێ گومان بکەین شێخ زانا خۆیشی هەر بەم میتودە دەستبەکاربووبێ و، گومانی ئەوە بکەین کە هەموو گروپە توندڕۆکان بەم میتودە کار بکەن.  گروپەکانی تریش کە لە فەلوجە و بەغدا و موسڵدا دەستبەسەر کراون، ددان بەوەدا

دەنێن کە نێربازی، لۆتێتی و ئیغتیساب میتودی کارکردنیان بووە پێش لەتوپەتکردن و سەربڕینی قوربانیەکانیان. ئەم ددانپێدانانانە لە تەلەفیزیۆنەکانی عێراقدا بە زۆری پیشان دەدرێ و، لە سەر هەندێ لە ماڵپەڕە عەرەبیەکانی تۆڕی ئینتەرنێتدا دانراون. ئەم تۆڕە تیرۆریستییانە کە باڵی ڕاستی ئیسلامی سیاسین ئایینیان کردۆتە ئامانج و هەموو کردەوەیەک لە پێناویدا بە ڕەوا دەزانن و تەبریری سەرەکییشیان بۆ ئەم کارانە ئیرادەی خوا و چارەنووسە. لەم پەیوەندییەشدا مەخابن هەست و نەستەکانی مرۆڤ، عەشق، خۆشەویستی، مرۆڤایەتی و ویژدان بەر زەبری کوشندە دەکەوێت.

دوای ئاشکرابوونی باندی شێخ زانا و کردەوەکانیان لەبەرامبەر هەست و نەست و ویژدانی مرۆڤ و کایەکانیان هەست و نەست و غەریزەکان و، بەکارهێنانیان لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجی گەیشتنی گروپێکی ئیسلام بە دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا، دوا نوزەی عەشق و هەستی مرۆڤانەی بڕی و دەروازەکانی باوەڕ و متمانەی خەڵک بە گشتی و بە تایبەتی ژن و پیاو بە یەکتری کلۆم دا. هەموو کونەدیوارێک لە دووکەس خێوی زوومی کامیرا دەنوێنێ و پەیوەندییە ئاساییەکان ڕەنگی گومانیان لێ نیشتووە و کەس لە کەس دڵنیا نییە ، ژن لە پیاو سڵ دەکاتەوە، قوتابی لە مامۆستا و مامۆستا لە قوتابی، چونکە بەشێکی ئەو تۆڕە مامۆستا و قوتابی زانکۆ بوون. هەڵگرانی حیجاب کەوتوونەتە بەرگومان، چونکە هەندێک لەو کچانەی ناو تۆڕەکە هەڵگری حیجاب بوون. بە کورتی هەموو هەڵسوکەوتێکی کەسێکی ناوکۆمەڵگە گومانی نائاساییبوونی لای ئەوانی دی دروست دەکات.

(ماویەتی)